# حاڵی عەرزم بووی؟!

**چیرۆکی: هەژاری موکریانی**
**لێدوانی: ناسر وەحیدی**
**(بۆکان)**

ئێمەش کوردایەتیمان کردووە. بۆ نەمانکردووە؟ ئەی گوایە ڕۆژی خۆی، لە بەچکە شێرانی هیوا نەبووین؟! هەمــوو ڕۆژێک حــاڵی عــەرزم بووی، ســەرلەبەیانی سروودی ئەی کوردینە، ئەی مەردینە.. دوو شەش هاتییە خوار؟! مەترسە ئەوەشم هەیە. بەخوا هەتا ئێمە کورد بووین، حاڵی عەرزم بووی، کوردایەتیمان دەکرد، نازانم ئەو خەڵکە.. دەی دەی دەزانم دووبارەت پێیە وەرەخوار کێ بەقەد من مەناشیری بەدیوارەوە نووساند؟ کێ بەقەد من شورتە و ئەمن ڕاوی ناوە؟! بەخوا بەشی خۆشمان، حاڵی عەرزم بووی بەشاخ و کێوانیشەوە.. ها ئەوەش بەیاز بۆ خاتری تۆ.. کەچی ئێستا هەر قسە دێتە ناو قسەوە، ئەو دەڵێ من پێشمەرگە بووم، تۆ چ بووی؟ ئەم دەڵێ، حاڵی عەرزم بووی من سینگم بە گوللەوە ناوە بکێشە بکێشە دەزانم پێت نییە، نازانم ئەو خەڵکە بۆچ لایان وایە ئێمەمانان لەبەر سێبەری دارگوێز نووستووین و هیچمان نەکردووە؟! ئەی گوایە، حاڵی عەرزم بووی، پەروەردە کردنی، ئەوە بەم چوارە بەستم. کەس نییە لەوانە بپرسێ: ئێوە لە چیا چیتان کرد و ئێمە لەشار، حاڵی عەرزم بووی، چیمان نەکرد؟! ببژێرە، من حەفتا و شەش بووم. کەس تا ئێستا دۆمینەی لە کاکی خۆت نەبردووەتەوە. با تیزمان پێبکەن و حاڵی عەرزم بووی، لیچمان لێ هەڵقرچێنن! چەندساڵ و زەمانە ڕەنج دەدەین و لە دەرزگوتنەوەدا خۆمان پیر پیر و کوێر کرد و توانا و جوانی خۆمان لە دەست دا.. کاکە دوو چای جوان بۆ ئێمە، بزانە ئەم برایەش چ دەخواتەوە.

مامۆستا تۆفیق ئەمانەی بە سورعەتی سەد کیلۆمیتر لە سەعاتێکدا لە دەم دەردەپەڕین، نەمزانی لە کەیەوە ئەم باسە و خواسەی دامەزراندبوو، وادیار بوو دەمێکە لەگەڵ هاوڕێکەی وا خەریکی دۆمینەیە و بە دەم کایەکردنیشەوە، لەسەر ئەو فەرمایشتە ڕەنگین و پڕ لە پاکانەی خۆی دەڕوا و دەردی دڵ بە دەم بادا ئەدا. مامۆستا تۆفیق لەوانە نییە هەرچی جارێکی دیتبێتی نەیناسێتەوە، هەرگیز دەگەڵ خەڵکی ڕەمەکیدا لێت ناگۆڕێ، درێژە، باریکە، تۆزێکیش خوار و خێچە، لووتێکی قەپۆزبەرانی و دەمێکی پەلی هەیە. پشتەملی چڵکن و بە گنجە. سەرێکی درێژۆکەی بێ تووک و لووسی بەو ملەوە نووساوە، کە زۆر لە کەللەسەری ئاوەڕووت کراوی پاچە دەچێ! ئەوانەی غەرەزێکیان دەغەڵی هەیە، دەڵێن هەر زگماک کەچەڵ بووە! بەڵام وەک لە خۆیم بیستووە، هەر لە خەم و خەفەتی زەمانەی بێ بەقا و تۆزێکیش لە ئەنجامی گرانەتاوە، تووک مانا بەسەریەوە نەماوە. دەنا لە چاخی خۆیدا شانەی ئاسنیش



**هەژار**

لە کـاکـۆڵـیـدا شکاوە. جـا وەک هەمـوومـان دەیزانین، زۆربەی ئەم خـەڵکە عـەقـڵـیـان لە چاویاندایە. لە هیچ و خۆڕایی پێستەسەری کەچەڵیان پێ سەیرە. ئیتر کەس ناڕوانێتە مێشکی پڕ بیر و باوەڕی ناو سەری هەڵکەوتە و بلیمەتان. مامۆستاش بۆ داپۆشینی ئەم دیمەنە، جاران سـەرەلووس و سـپـیـیـەکـەی دەخـەنە دەگـرت و دیمەنێکی شلـەی پنۆکی جوانی پێ دەدا، بەڵام ئێستاکە بەسـاڵدا چووە و تاقـەتی خۆجـوان کردنی نەمـاوە. سداره لەسـەر دەنێ و پیاو هەق بڵێ زۆر لە سەرڕووتان بە ویقارترە.

ئاشنایەتی من و مامۆستا تۆفیق زۆر بە بنج و ڕیشە و لە مـێـژینەیە. وەک مـن لەبیـرمـە شـازدە سـاڵە دەیناسم، بەڵام وادیارە ئەو بیـری زۆر لەمـن تیـژترە و لای وایە لە زەمانی کۆمەڵەشدا لەو سەرە پێکەوە دۆستی گیانی بە گـیـانی بووین و من لە بیـرم نەمـاوە! واتا ئەگـەر ئەو ڕاستبکا، لێشم ڕوونە پیاوی درۆ نییە. بەو پێیە دەبێ تەمـەنی دۆسـتـایەتیـمان خۆی لە بیست و ئەوەندە سـاڵ دابێ!.

شازدە ساڵ لەمەوبەر، کە بە حیسابی من بۆ یەکەم جار و بە حـیـسـابی ئەو بۆ دووەم جار، یەکـترمان نـاسی، لە گەڕەکی (ساری کەهیە)ی کەرکووک، لە چاخانەکەی مام مـارف بوو، کـە چاخـانـەیەکی پەڕپووت و هەژارانە و تەریک و لاکۆڵانی هەرزان و خۆماڵی بوو. ئێواران کە لە

دوای کـاری ڕۆژانە، دەگـەڵ چەند کرێکارێکی دیکە لەوێ کۆدەبووینەوە، مامۆستا تۆفیق هەمیشە گوڵی مەجلیس و نوقڵی سەر سینیمان بوو. تاو تاوێک کە تەواو بیزانیبا بێگانە بەدەر کـەسی وای لێ نیـیـە نامـۆیی لێ بـکرێ، کـتێبێکی یاساغی لە باخەڵ دەردێنا و بە بەرچاوییەوە دەنا. ناوی کتێبەکە بە خەتی درشت ڕووی دەکردە ئێمە و تەواو لە متالادا غەرق دەبوو.

ئێمـەی بەسـەزمـان کـەسـمـان گومـانمان لەوەدا نەبوو، کە ئەو عـەقـڵـەی لە پێڵاوی مـامـۆستادایە لەسەری ئێمەدا نیـیـە، ئەوەی ئەو لەبەری مـاوەتەوە خـواردنی هیچ کـامێکـمـان نییە. سـەد خۆزگـەمـان دەخواست کە هیچ نەبوایە سەدیەکی مامۆستامان زانیبا. لەو کاتانەدا کە لە خوێندنەوە پشـووی دەدا و دەیدواندین، ئەوسـا بـوو کـە بلیمـەتی خۆی ڕادەنا و تێی دەگـەیاندین کـە ئەو ڕیشی لەبەر هەتاو سپی نەکردووە. ئیـمپـریالیـزم، فـاشـیـزم، بروکــــراتی، ڕادیکـاڵـی و هەزار وشـــەی وای بۆ ڕیز دەکردین، کە ئێمە هەر دەبوایە بە واق وڕمانەوە تەماشای دەمی کەین و سەرمان لە کاروباری خوا سوڕمێنێ و بەبێ ئەوەی دەنگێکی لێ تێبگەین، بەڵێ وایەی بۆ بڵـێین. بەڕاستی بەلامەوە سەیر بوو، ئەم کابرایە چۆن توانیبووی ئەو هەمـوو وشە ڕەق و تەقانە وا لەبەر بکا و وا بە پەلە بیـانڵێ و هەرگـیـز زمـانی گـرێ نەکـا. با ئەوەشم لەبیـر نەچێ، هەوێن و سـەروبنی فـەرمـایشـەکـانیـشی، ڕستەی(حـاڵی عـەرزم بووی) بوو، کە زۆر جـار هەندێک گوێگری گێل و هەرزەکار، دڵۆپەیان دەکرد و بەو تەکییە کەلامە شیرینەی پێ دەکەنین و مامۆستایان تووڕە دەکرد.

جـا هەر وەک باسم کـرد، چونکە بە حـیـسـابی ئەو من ئاشنای زۆر لە مێژینەی بووم و دووبارە بە دیداری یەکتر شـاد و شـوکـر بووبووینەوە، زۆرتری کـات ڕووی قـسـەی دەکـردە مـن و زۆر جـاریش کـە باسی ڕابوردووی پڕ لە شانازی خۆی دەگێڕاوە و ئەو قارەمانەتی و گیانبازییانەی بە گوێ هەڵدێنایین کە لە زەمـانی کـۆمـەڵە کردوویە، منی کـلـۆڵـی وەک شـایەتێک دەسنیـشـان دەکـرد و دەیگوت ئەگـەر باوەڕ ناکـەن لە فـلانە کـەس بپـرسن. دیارە لەو وەختانەشدا نەدەکرا بڵێم: ئاگام لێ نییـە و ناچار بووم بەدرۆ وەباڵی بۆ بکێشم و بڵێم ڕاستە.

سـەرت نەئێشـێنم ئەوەندە گـوێگری یەکـتر بووبووین کە هەر باسی نـاکـرێ. زۆربەی کـــاتی بێکاریمان پێکەوە

ڕادەبوارد. وردە وردە دۆستایەتییەکەمان گەیشتە پلەیەکی وا کە هیچ شەرمە حوزووری و ڕووبینیمان لە ناودا نەما و ئەگەر کەسی غەیرەمان لەلا نەبا، تەواو دوور لە دووڕوویی و ڕیابازی دەژیاین و لە بن پەردەی چاپ و چووپ و خۆ گۆڕیندا، خۆمان لە یەکتر نەدەشاردەوە و هەرچۆنێک بووین ئاوا خۆمان نیشانی یەکتر دەدا. جا ئەوسا بوو کە بۆم دەرکەوت، مامۆستاش هەر بنیادەمە و خۆمانەیە و ئەوانەی ئەو دەیانڵێ ئێمە تێیناگەین. بۆ خۆیشی مانای هەموویان نازانێ، بەڵام بەزیرەکی و بلیمەتی خۆی، وای نیشان داوە کە خەڵک وا تێنەگەن شەندە لە مەندە کەمتر و ئەوی ئەو ئەفەندی و مەفەندییانە دەمی بۆ دەبەن، ئەویش دەیزانێ و لەوانیشی تێپەڕاندووە. بۆ ئەوە ئەم مەبەستە باشتر ڕوون بکەمەوە، ناچارم ( هەرچەندە بە زیانی خۆشم تەواو دەبێ) ئەم چیرۆکە بگێڕمەوە:

ڕۆژێک کە هەر خۆم و خۆی بووین، بە تۆزێک منجە منج و لاسەر خوراندنەوە عەرزم کرد: مامۆستا زۆرشت لەناو فەرمایشتەکانتدا دێنە بەرگوێم، هەرچەندە هەر گوتوومە بەڵێ وایە و خۆم نیشان دەدەم کە من لەو سەرییەوە دێمەوە و باشیان دەزانم، بەڵام دەبێ لێم ببووری- زۆریش خەجاڵەتییە بۆ من- ڕاستت دەوێ لە زۆریان هەر تەقەم لەسەرییەوە دێ و لام وایە گوێزم بۆ دەبژێری. حەرام ئەگەر تێگەیشتبم چیت فەرمووە. ئەگەر لەبەرت گران نییە، حەز دەکەم چەندێک لەو وشە ڕەق و تەقانەم بە کوردییەکی ئاسان تێبگەیەنی و لێم لەهەرا نەدەی، زۆرت سپاس دەکەم.

- وەک چی؟!

- وەک: دیماگۆگی، کۆمپرادۆر و تێکڕای زۆربەی ئەو فەرمایشتانەیش تیک و لیزم و لیستیان بە کلکەوە هەڵاواسراوە.

بەخوا شتێکی سەیرە! ئەم وشانە، حاڵی عەرزم بووی، حەزرەتی فیلیش نازانێ بەری چ دارێکن. مردووت مرێ، سەری خۆت بە چییەوە دێشێنی! برۆ تۆش وەک سایری ئەو خەڵکە بەبێ مانا زانین لە وەخت و بێ وەختدا، بیانڵێ و بیانڵێوە تا پێت بڵێن زانا و فەیلەسووف. خۆ ئەگەر بتوانی، حاڵی عەرزم بووی، چاویلکەیەکی شووشەش بکڕی و بە چاوتییەوە بگری، ئەوە نووری عەلا نوورە. ئەمما ئەوە هەر بۆ تۆی دەڵێم، چونکە تۆم خۆش دەوێ. نەچی، حاڵی عەرزم بووی، خۆت شێت کەی و لەلای عالەم بڵێی مامۆستا تۆفیقیش ئاوا.

تێدەگەی دەڵێم چی؟!

ئیتر خوا بتحەسێنێتەوە، لەو ڕۆژەوە مامۆستا تۆفیق کلیلی دەرگای گاڵەدراوی ژیانی ناو کۆمەڵەکەمانی دایە دەستم و ئەو ئامۆژگارییە بەنرخەی ئەوەندەی لە دنیا تێگەیاندم، کە لە هەموو ڕۆژگاری خوێندندا لە مەدرەسە فێری نەبووبووم. وا لەوساوە لە هەموو کۆڕ و مەجلیسێکدا باس لە هەر شتێک بکرێ، ئیتر بیزانم و نەیزانم خۆمی تێ هەڵدەقورتێنم و هەرچی لە دەمی هەرکەسەوە دەرچێ، هەر لە حەوا دەیقۆزمەوە و گورج لە خۆمەوە جوابێکی بۆ دەدۆزمەوە و بۆ ئەوەش کە تێم نەگەن و نەزانینەکەم پینە بکەم، کۆشێکم وشە و ڕستەی ڕەق و تەقی بێگانە و دوورەدەست لەبەر کردووە و لە پەستا پەستا بە سەر و گوێلاکی گوێگرە خۆشەویستەکانیدا دەدەم و گێژیان دەکەم و بۆ خۆشم هەرگیز گنجی مانا چییە، نایەتە ناو چاوانم. ئاوا لە سایەی ئامۆژگاریی مامۆستا تۆفیقی بەرێزەوە، وام لێهاتووە کە ناوبانگی زاناییم وەک کەری چەرچی سەر بەهەموو ماڵاندا دەکا و بیلاتەژبی، پەرژنەکە بە گوڵ بێ، فەیلەسووفێکم ئاو لێڵ ناکەم.

بەڵام نامەوێ وابزانن کە مامۆستا، هەر لە وشەی ڕەق و خۆگۆڕیندا سەرکەوتووە و بەس. خوا هەڵناگرێ لە کوردایەتی کردنیشدا، هەر خۆی یەکە سوارەی مەیدان بوو. بەتایبەتی ئەگەر هەر دوو بەدوو بووینایە و یەک دوو پێک ئارەقی ئەبوو کەلەبچەشی گیر بکەوتایە، کە خۆی ناوی نابوو- شیری شێران- ئیتر هەرمەپرسە، لە کوردایەتی کردندا چۆنی گوڵ دەکرد: کوڕم کوردایەتی گاڵتەی مناڵان نییە هەر دەمڕووتێک ڕاستەوە بێ، حاڵی عەرزم بووی، سینگ داچەقێنێ و بڵێ ئیلا وا و بیلا وا، کوردستانە کوردستان، ئەو کوردستان دابەش کراوە و حاڵی عەرزم بووی داگیرکراوە پیاوی دەوێ، خوێنی دەوێ، هەزاران گەنجی وای دەوێ، حاڵی عەرزم بووی، کفن هەڵگرێ و خۆی نەزری ئازادیی کوردستان بکا. هەتا کوردستان بەیەکجاری لەژێر باری، حاڵی عرزم بووی، دیلیەتی دەرنەچێ، کەس نابێ ئاوڕ لە خۆی بداتەوە. وەک فەیلەسووفەکە، حاڵی عەرزم بووی، دەڵێ پیاو دەبێ وەک مۆم بسووتێ و تاریکی لەسەر هەژاران

برەوێنێ. ئەم مامۆستایەی خۆت کە لەبەر چاوتە- مەدحی خۆشم ناکەم- بەسەری تۆ نا بەو سەرەی خۆم ئەوەی بۆ کوردم کردووە، حاڵی عەرزم بووی، بە لەشکرێک ناکرێ. مامۆستا بووم، چنگێک مەعاشم وەرنەدەگرت- بۆ خۆشت دەزانی ئەو دەم چەند هەرزانی بوو- وتیان لەو سەرەوە حاڵی عەرزم بووی کۆمەڵە پەیدا بووە شەقم لە وەزیفە هەڵدا، ئیلتیحاقم کرد، پێشمەرگە بووم، برسیەتی، تینوویەتی، مەڵێ سەرخۆشە، سەرخۆش نیم، حاڵی عەرزم بووی شەڕ هەرا بەراوبەر کردن سەرما، گەرما، بۆ کێم کرد؟! بۆ میللەتی خۆم، چەند جار منت بە جلکی پێشمەرگەوە دیوە. کەچی نازانم نیازت لەوە چییە کە دەڵێی لە بیرم نەماوە، قەیدی نییە، ڕۆژێک هەر بەبیرت دێتەوە... ئاخ سەد ئاخ... بەخودا ئەگەر کوردەکە خیانەتی نەکردبا، خوا ئەیزانی ئێستە، حاڵی عەرزم بووی، بە شتێکی دیکە دەبووین، بەڵام داخەکەم کوردەکە هێشتا وای لێ نەهاتووە قەدری ئازادی بزانێ، ڕۆژێ هەر دێ کورد ڕێگەی خۆی بزانێ. ئەوسا چاوت لە مامۆستا تۆفیقت بێ بزانە چۆن، حاڵی عەرزم بووی، خۆی دەردەخات. هەرچەندە هێندێک کەسی تێنەگەیشتوو لایان وابوو مامۆستا پیاوێکی خەیالاوییە و هەرگیز لە قوون تەندوور وەلا نەکەوتووە و دەستی بە کلاوی خۆیەوە گرتووە با نەیبا و وەک تووڵەنەمام لەگەڵ هەموو بایەکدا دەلەرێتەوە و لە قسەی زل بەولاوە، چی دەباراندا نییە، بەڵام بە ئێمە چی؟! پێشینیان نەیانگوتووە، ئامۆژگاری لە دیواریش نووسرابێ هەر باشە؟! من زۆر بەهرەم لەو فەرمایشانەوە پێگەیشتووە و بەو ئەمەکدارییەش لەپاش ئەو چەند ساڵە، وا هاتووم دیدەنی بکەم.

- مامۆستا گیان تەندروستیت لە چیدایە؟!

- تەندروستی چی و تەڕەماشی چی، لەسایەی ئەم منالانەی کە دەستیان پێکردووە و کوردیمان، حاڵی عەرزم بووی، لێ دەگۆڕن، ئەوەی دەمانزانی لە بیرمان چووەوە. بۆ نالێی مامۆستا نەخۆشی، یان ساغی؟! ئەمەی پێ ناوێ، تۆ پێم بڵێ: ئەم بەینە لە کوێ بوو؟! بیستوومە بووبیە پێشمەرگە! باوکم ببوورە من کە باسی هێندێک پێشمەرگەم کرد، نیازم لە تۆ نەبوو. من ناڵێم، حاڵی عەرزم بووی، پێشمەرگە درێغییان کردووە، قەدریان لەسەر سەرم، بەڵام من دەڵێم پێشمەرگە خاوەنی ناوێکی بەرز و پیرۆزە. بەنیازی حاڵی عەرزم بووی، ئازادیی ئەو گەلە لێقەوماوەی گیانی خۆی لەسەر بەری دەست داناوە، حەیفە خۆی نەناسێ، حەیفە نەبێتە نموونەی دڵنەرمی و گەلدۆستی حەیفە، حاڵی عەرزم بووی، کاری وا بە خەڵک بکا خەڵکی گلەیی لێ بکەن. ناوێرم دەنگ بکەم، بەڵام بۆ خۆیشت دەیزانی، هێندێکی واتان هەیە هیچ ئەو ناوەی لێ ناوەشێتەوە، یەکێکتان لێ دەناسم چەند ساڵ حاڵی عەرزم بووی، لای خۆی خوێندوویە. چەند ڕۆژێک لەو سەرە ماوەتەوە و ئێستا هاتووەتەوە. بەسەری تۆ نا، بەسەری خۆم جوابی سڵاوم ناستێنێتەوە. قەت باوەڕ ناکەم حاڵی عەرزم بووی، فیرعەونیش ئەم فیز و لەخۆباییی بوونەی بووبێت. من دەڵێم ئەمە باش نییە، ئێمە هەمووماں کوڕی ئەم ئاو و خاکەین. لەسەرمانە خزمەت بە فەقیر و بێ دەسەڵاتان بکەین، خۆفش کردنەوە و کەشخە لێدان، حاڵی عەرزم بووی، بۆ پێشمەرگە شتێکی جوان نییە تۆش لات وانییە؟ ئەوسا کە ئێمە پێشمەرگە بووین، خۆت دەیزانی چۆن خۆمان بە خزمەتکاری گەل دەزانی... لە جیاتی ئەوە خانوو بۆ خۆمان بکەین، قۆڵمان هەڵکردبوو خانوومان بۆ بێوەژن و هەتیوان دەکرد.

ئەرێ باسی چیم دەکرد... ها... جا ئەوانە بە ئێمە دەڵێن: چیتان کردووە؟... بۆ نەهاتن بۆ چیا؟ باوکم چۆن بێم؟ کۆشێک منالی ڕەش و ڕووتم، حاڵی عەرزم بووی، بەرێشەوە بووە، گۆشت گرانە، پیواز، کووتاڵ پەڕیوەتە پشتی شێران. تەماتە، تەماتەی سەگباب، حاڵی عەرزم بووی، هەر باسی نەکەین باشترە. ئیجارە، لیمۆن دۆزی(١)، سابوون، هەرچی دەستی بۆ دەبەی وەک مار پێتەوە دەدا، دەبیینی ئەو شتانەمان بۆ هەرزان کەن، ئەوسا چی بڵێن هەقتانە...

- مامۆستای بەڕێز... من نەهاتووم باسی سیاسەت بکەین دەمەوێ بزانم چۆنی و لەوەتا تەقاعود کراوی هەر بە دۆمینەوە خەریکی، یان ئیشێکی تریش دەکەی؟

- ئیش... ئیشی چی؟... ئەوەی ڕاست بێ، جگە لە دۆمینە، کەیفم لە خوێندنەوەی مەجەللەی کوردیش هەیە، بەڵام حاڵی عەرزم بووی، ئەویش بۆ من مەسرەفێکە. کەس نییە بڵێ: ها بەخۆڕایی بیخوێنەوە. قسەی خۆشمان بێ جار جار لەدەستی خەڵکی وەردەگرم، بەڵام قەت نایکڕم!... باوکم تۆ حیسابی کە هەر وردە و پردەی ماڵ حەمام، ئوتی(٢)، بنێشت، ئاو و کارەبا، دەرزی و

دەزووش پارەی تێـدەچێ... لەکـوێ بێنم؟ چیم لەخـۆم زیادە تا بیدەم بە مـەجـەللە. مـەسـرەفی نادی و چاخـانەم هەر لەبیرنەبوو، مـانگێ چوار پێنج، حـاڵی عـەرزم بووی، دینارم هەر بەوانە دەڕوا... تۆ دێیتە لام ساردییەک، ئەم دێ چایەک و بیـرەیەک، حـاڵی عـەرزم بووی، بۆ فـلان دەعـوەتێک بۆ فـیـسـار، ئیـتـر تاقە چل دینار لەم ڕۆژەدا بەشی چم دەکـا؟!... ئێـسـتـا دەزانم لە دڵی خۆتا دەڵێی واز لەو دۆمـیـنەیە بێنە و ئەو پارەیەی لەوی سـەرف دەکـەی. بیـدە بە کـتـێب و مـەجـەللە و بیـخـوێنەوە... بەسـەری من وانییـە؟! ئەگـەر وەک تۆ دەڵێی، حـاڵی عـەرزم بووی، وا بکەم ئەوسـا وەختی بێکاریم بە چی ڕابوێرم؟ حاڵی عەرزم بووی؟!...

– بەڵێ مامـۆستا گیان حاڵی عـەرزت بووم، بەڵام تۆ ڕێگەت نەدام کە حاڵی عەرزم ببی، خوا حافیز.

من ئەم چیرۆکەم لە گۆڤاری مامۆستای کورد ژمارە ٢٤، ٢٥ زستان و بەهاری ١٩٩٥ چاپی سوێد لاپەڕەی ٦٢، ٦٦ وەرگرتووە، ئەو گـۆڤـارەش چیـرۆکـەکـەی لە گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کورد، ژمارە ٣ ساڵی ١ ئابی ١٩٧١ لاپەڕەی ٢٩، ٣٥ چاپی بەغدا وەرگرتووە.

وەک ئاگادار کرام، ئەم چیرۆکە لەسەر داوا و بانگەوازی یەکێتیی نووسەرانی کورد کە ئەوکاتە لە بەغدا نیشتەجێ بوون و گۆڤارێکیان بە ناوی نووسەری کورد دەردەکرد، بۆ بەشداری کردن لە کێبڕکێی چیرۆکنووسیی لە ساڵی ١٩٧٠ نووسراوە. چیرۆکەکان بەپێی هەڵسەنگاندن و ڕاڤەی بابەتەکان پلەی یەک هەتا سێیەمیان پێ دراوە و لە گۆڤاری نووسەری کورددا بڵاو کراونەتەوە. ساڵی ١٣٧٣ زانکۆی شەهید بەهەشتی تاران بەشی ئەدەب بڕیاری دا کۆڕێک بۆ یادی مامۆستا هەژار لەو زانکۆیە بەڕێوە ببات. پێشتر نووسەران و ئەدیبانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیان ئاگادار کردەوە، دەتوانن بە ناردنی وتار بەشداری کۆڕەکە بکەن. من وتارێکم بەناوونیشانی (مامۆستا هەژار فەیلەسووفی بێ دەرەتان) نووسی و بۆ دۆستانم بەڕێ کرد. تا دوو ڕۆژ پێش کۆڕەکە هەموو لە تەدارەکی خۆساز کردن و بەشداری کردنی کۆڕەکەدا بووین، بەداخەوە لەپڕ ڕایانگەیاند زانکۆی تاران ئیزن نادات ئەم کۆڕە بگیرێ، وتارەکە دیزە بەدەرخۆنە کرا.

ساڵی ١٩٧٥ لە شاری سنە بانگەواز کرا لەو شارە کۆڕێک بۆ دە کەس لە زانایانی کورد، مامۆستا هێمن، هەژار، سوارەی ئیلخانی زادە، حەقیقی، ژیلا حوسێنی، سید کامیل ئیمامی، مەستوورە ئەردەڵان، ئەحمەد تورجانی زادە بەڕێوە دەچێ. من ئەو وتارەی کە بۆ کۆڕەکەی زانکۆی تارانم نووسیبوو، لەگەڵ پەخشانێکی ناسک و پڕ لە سۆز کە بۆ مامۆستای نەمر هێمنی ڕەحمەتی نووسیبوو نارد. جەلال مەلەکشا کە بەرپرسی خوێندنەوە و هەڵپەرتاوتنی وتارەکان بوو، هیچ کام لە نووسراوەکانی منی بۆ خوێندنەوە لە کۆڕەکە پەسەند نەکرد. دوایی بەشێکی کەم لە وتارەکەی مامۆستا هەژاری لە کتێبێکی تایبەتی وتارە ناردراوەکان بۆ کۆنگرە بە نیوەناچڵی بڵاوکردەوە.

من لەو وتارەدا ئاماژەم کردبووە سەر بێ دەرەتانی و دەربەدەری مامۆستا هەژار. وتوومە ڕەنگە ئەگەر مام هەژار وەک مرۆڤێکی ئاسایی لە وڵاتێکی بێ شەڕوشۆڕ ژیابا، ڕەنگە قەت تاقە بەیتێکی شیعری نەنووسیبایە، لەو وتارەدا ئاوڕم داوەتە سەر شەرح و تەرجەمە و وتارەکانی مام هەژار و لێهاتوویی و بلیمەتی ئەو پیاوە مەزنە. لێرەدا وەک بەڵگەیەکی تر بۆ پشت ڕاستکردنەوەی وتارەکەم ئاماژە دەکەمە شێوەی بەکاربردنی تەکنیکە هەرە جوانەکانی چیرۆکنووسی جیهانی کە ئەمڕۆکە بووەتە باو و زۆربەی نووسەران بەکاری دەهێنن.

**١– تەکنیکی گێڕانەوە، یان ڕاوێژ:**

مام هەژار بەبێ هیچ پێچوپەنا و ناساندنی کەسایەتی چیرۆک، شەرح و شیکاری ناوونیشانی بابەتەکە، یەکسەر خوێنەر بەبێ ئەوەی ئاگای لە خۆ بێت کە ئەو تەنیا خوێنەرە، وەها دەباتە ناو جەرگەی بابەتەکە و دەیکاتە بەشێک لە ڕووداوەکە. (ئێمەش کوردایەتیمان کردووە) نووسەر بەم ڕستەیە دوو پرسیار بەگژ خوێنەردا دەکا!– کوردایەتی کردن چییە و چۆن دەکرێ؟.

٢– ڕووبەڕووی کەسی هەوەڵ، یان بگێڕەوەی سەرەکی چیرۆک کێیە کە بگێڕەوە دەیەوێ خۆی بێنێتە ڕیز و حاندی ئەو؟ ئەوە سەرەڕای کەڵک وەرگرتن لە تەکنیکی گێڕانەوە بەدەم کایەی دۆمینەوە. لە ئەسڵدا دۆمینە دەوری سەرەکی ڕووداوەکەیە کە بەدرێژبوونەوەی دۆمینەکە بگێڕەوەی چیرۆک بەردەوام پرسیاری تازە

پێشکەشی خوێنەر دەکات و خوێنەر بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە هەتا دوایەمین ڕستەی کۆتایی چیرۆکەکە وەک شتێکی گرینگی لێ ون بووبێ، بۆ دۆزینەوەی تا دوایەمین دێڕ چیرۆکەکە دەخوێنێتەوە. ئەوەش بەشێکە لە شێوە تەکنیکەکانی چیرۆکی ئەمڕۆیی بە ناوی تەعلیق، یان هەڵپەساردنی خوێنەر. هەموو دەزانین جیاوازی سەرەکی چیرۆکی ئەمڕۆیی لەگەڵ حەقایەت لەوەدایە کە ڕووداوەکانی چیرۆک گوم و نادیارن. ڕووداوەکان وەک هەقایەت پێشبینی ناکرێن. خوێنەر ڕەنگە لە سەرەتای دەسپێکی هەقایەتەکان بزانی کە قارەمان و کەسایەتییە سەرەکییەکانی چیرۆک چییان بەسەر دێ و ئاخر و کۆتاییش دەگاتە کوێ. کوڕی پاشای ڕۆژئاوا کچە تاقانەکەی پاشای ڕۆژهەڵات لە دەست دێو و ئەژدیها ڕزگار دەکات، پاشا لە مزگێنی ڕزگارکردنی کچەکەی و قەرەبووکردنی ئەو کارە جوامێر و ئازایانەدا کچەکەی خۆی دەداتێ و دەیکاتە جێنشینی خۆی. باقی حەقایەتییەکە هەمووی چۆنیەتی گێڕانەوەی حەماسەتی جۆری شمشێر لێدان و کوشتنی دێو و ئەژدیهاکانە، بەڵام لە چیرۆکی ئەمڕۆدا خوێنەر ناتوانێ پێشبینی کۆتایی چیرۆکەکە بکا. خوێنەر هەر ڕستەیەکی تازە کە دەخوێنێتەوە پرسیارگەلێکی تازە و شێوەکردارێکی چاوەڕوان نەکراو لە کەسایەتییەکانی چیرۆک دەخوێنێتەوە کە ڕەنگە زەینی بەلاشیدا نەچووبێت.

ئەم چیرۆکەش چاوپێکەوتنێکی دووبارەی دوو کەسی سەرەکی چیرۆکەکەیە کە دوای ماوەیەک لێکدابڕان لە چاخانە بەدەم دۆمینە کردنەوە دەردەدڵ دەکەن و کەم کەم ئێمەش وەک فیلمی سینەما دەیبینین و لەگەڵیان ئاشنا دەبین.

ئەوە سەرەڕای باسکردن و شیکردنەوەی ناوەرۆک و کاکڵی چیرۆکەکە کە بەشێوەیەکی زیرەکانە و لاوەکی نەک وەک مەوعیزە و خوتبەی مەلای سەر مینبەر هێندێک لە کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگا کە دەوری سەرەکییان هەیە و بوونەتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک، ژیرانە دەخاتە بەر باسوخواس و شیکردنەوە، نهێنییەکانیان ئاشکرا دەکا. بە بڕوای من ناوەرۆکی بابەت قەوارە و قاڵبی بابەت دیاری دەکا، ئەم تەکنیکی گێڕانەوەیەش ڕەنگە یەکێک بێت لە باشترین شێوەی گێڕانەوەی چیرۆکی ئەمڕۆیی کە مام هەژار ٤٧ ساڵ بەر لە ئێستا لەم چیرۆکەدا بەکاری هێناوە. ئەم چیرۆکەش بۆ من کارێکی تازە بوو لە سیحری نووسین و توانایییە شاراوەکانی ئەم نووسەرە بیرمەندە و هێندەی تر بیروباوەڕی منی لەسەر ئەوەی ئەگەر ئەو کابرایە ژیانێکی ئاسایی و حەجمینی هەبووایە دەکرا ببێتە یەکێک لە فەیلەسووفان و بیرمەندانی جیهانی.

**پەراوێز:**

**(١) لیمۆن دۆزی؛ لە سلێمانی ترۆزی قاشکراو ترشی سماقی پێوە دەکەن و دەیخۆن، ئەگەر ترش لە ئارادا نەبێ زاخی پێوەدەکەن. ترۆزی قاشکراو بە زاخەوە.**

**(٢) ئوتی؛ ئوتووکردن.**